# مادده هۆشبەرەکان..

## ڕێگایەك بۆ خێرا دەوڵەمەند بوون

ناوی فیلم:
American gangster
نواندن:
denzel Washington & Russell crowe
دەرهێنانی:
ridley scott

خوێندنەوەی: ئاڤێستا

بازرگانیکردن بەمادده هۆشبەرەکان و کارپێکردن و ئالوودەبوون پێوەی و ئەو چیرۆکانەی لێوەی دروستئەبن، بوونەتە بابەتێکی دیاری زۆرێك لە کارە هونەرییەکان. کەم نین ئەو ڕۆمان و چیرۆك و فیلمانەی باس لەمادده هۆشبەرەکان دەکەن، تەوەری سەرەکی ئەم فیلمە بازرگانیکردنە بەو ماددانە، ئەم فیلمە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیەو لە ئەمریکا ڕووی داوە، دەرهێنەر پشتی بە وردەکاریکانی چیرۆکەکە بەستووەو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پۆلیسی نهێنی لەسەر پیاوە ڕاستەقینەکە کۆکراونەتەوە. پیاوێکی ئەمریکی ڕەش پێست کە بەرەگەز خەڵکی (کینیا)یە، پاڵەوانی فیلمەکەو گەورە بازگانی مادده هۆشبەرەکانە. جیاوازی ئەم فیلمە لەگەڵ فیلمەکانیتردا













کەباس لەو جۆرە بازرگانیە دەکەن، ئەوەیە کە ئەم فیلمە ئیشکردنی بەکۆمەڵو پاسەوانی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی کارەکانو گواستنەوەو چاودێریکردن پێویستی بەهێزێکی گەورە نیە. لێرەدا تەنیا پیاوێك کاری کۆمەلەیەکی گەورە دەکات، ئەم فیلمە ئیشکردنی گروپو تاقم رەتدەکاتەوە. لەم فیلمەدا (دینزل واشنتن) رۆڵی پیاوە بازرگانەکە دەبینێو کەسێکی زۆر پەنهانەو بازرگانی بەو ماددانەوە دەکات و لەپر زۆر دەولەمەند دەبێت. تاماوەیەکی زۆر نزیکترین کەسیشی نازانێ ئەم کورە رەشتالەیە خەریکی چیە. ئەوەندە بەووردی ونهێنی کارەکان ئەنجامئەدات، کە هیچ کەس گوومانی لێناکات. بازرگانەکە پیاوێکە متمانەی بەکەس نییەو بەتەنها خۆی سەردانی کێڵەکانی حەشیشە دەکات. ئەوەندە سەرسور هێنەرە کە خاوەنی کێڵگەکەش گومانی لێدەکات کەچۆن دەتوانێ بەتەنها و لەناو دلی ئەمریکادا ئەوکارە ترسناکە بکات، لەبەرامبەردا پۆلیسی نهێنی دوای دەولەمەند بوونی نائاسایی ئەو پیاوە گومان پەیدادەکات، دەیانەوێ تەواو دلنیابن ئینجا دەست بەکارەکانیان دەکەن. بەشێوەیەکی خەیالی پارەکانی زیاد دەکەنو گەورەترین ڤێلا دەکرێتو پێشکەشی دایکی دەکات. لە ئاهەنگو شوێنە گشتییەکاندا وەك پارەدارێکی بەناوبانگو کەسایەتیەکی دیار پەنجەی بۆ رادەکێشن. دەشێ جگە لەوەی وەك رووداوێکی راستەقینە سەیری ئەم فیلمە بکەین، هۆیەکیش بێ بۆ رامانو تێگەیشتن لە(تێرنەبوونی مرۆڤ) سەیری بکەین، ئەم فیلمە پیشانمان ئەدا کە چۆن چاوی مرۆڤ بەهیچ شتێك تێرنابێ. چونکە بازرگانەکە تەواو دەزانێ کارەکە چەند ترسناکە، کەچی هەر دەستهەلناگرێ. لەیەکێك لە ئاهەنگەکاندا شاجوانێك دەناسێو عاشقی دەبێ. لێرەدا بینەر وا دەزانێ کە دوای ناسینی ئەو شاجوانە دەست هەڵدەگرێ لە بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، کەچی ئەمجارە تۆرەکە فراوانتر دەکاتو بینایەکی گەورە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکاتو پری دەکات لە کچانی سۆزانیو پیاوانی ئالوودە بۆ راپەراندنی کارەکانی. برا بچووکەکەی شوێنی پەنچەرچیەکەی جێدەهێلێو دەکەوێتە ناو تۆری براکەی.

نابێ بیرمان بچێ کە لەبەرامبەرداو بەدرێژایی فیلمەکە (رۆسل کرۆو) چاودێری بازرگانە رەش پێستەکە دەکات. (کرۆو) لێپرسراوی شانەیەکی پۆلیسی نهێنیە کە ئاگاداری کارەکانی ئەوەو کاتێکی زۆری بۆ تەرخانکردووە. (واشنت و کرۆو) دوو ئەستێرەی دیاری سینەمای جیهانین، بۆیە فیلمە هاوبەشەکەیان زیاتر ناوبانگی دەرکردو بینەری زۆری هەیە.

دەشێ یەکەمین هەلەی بازرگانەکە ئەوەبێ کە تۆری بازرگانیەکە فراوان دەکاتو شێوەی کارکردنی دەگۆرێت، لە تاك ئیشکردنەوە پەیوەندی دەکات بە کۆمەلێك کەسانی دی و ئەمەش وادەکا شوێنی حەشارگەکەیان ئاشکرا ببێت.

رەوشتێکی جوانی بازرگانەکە ئەوەیە کە دوای دەولەمەند بوونو هەبوونی سامانێکی زۆر کە بەرێگایەکی نادرووست دەستی کەوتووە، پێش ئەوەش پیاوێکی هەژار بووەو دەرامەتێکی ئەوتۆی نەبووە،





کەچی رۆژ بەرۆژ لەگەڵ دایك و خێزانەکەیدا نەرم و نیانتر دەبێت. هەروەك جاران میهرەبانە لەگەڵیاندا. ئەگەرچی کەمکتر دێتە ماڵەوەو هەمیشە سەرقاڵە. ئەمەش زۆرجار بێزارییەك لای دایکی و بەتایبەت ژنەکەی دروستدەکات و چەند جارێك ئاگاداری ئەکەنەوە کە بەتەنگ خێزانەکەیەوە بێت و ئاگاداریان بێت. شاجوان هەمیشە گلەیی ئەوەدەکات کە کاتی بۆ بایەخدان بەونیە، تەنها سەرقاڵی کارەکانی خۆیەتی و سۆزێکی پیاوانەی ناداتێ. تا جارێکیان ئۆتۆمبێلێکی نەناسراو تەقەیان لێدەکات و قۆڵی(واشنتن) زامدار دەبێ. ژنەکە داوای جیابوونەوەی لێدەکات بەوەی باری ئاسایشی ماڵەکە تەواو نیەو لەم ژیانە بێزارە. (کرۆو)پۆلیسی نهێنی خەریکی ئەنجامدانی کارەکانی خۆیەتی، جارێکیان لەبەرگی پیادەیەکدا، جارێکیان لەبەرگی، بینەرو کامێرامانێکدا، چاودێری باندەکە دەکات. تا ئەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەزانێ گەورەترین کاروانی بازرگانی ئەو پیاوە رەش پێستە بەفرۆکەیەکی تایبەت دێتە ناو ئەمریکا. ئەمەش لەرێگەی کۆدێکەوە ئاشکرا دەکرێت، کە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی نێوان بازرگان و براکەیەتی. ئەو فرۆکەیە کۆمەڵێك تەرمی هەڵگرتووەو لەناو تابووتێکی تایبەتدا هەڵگیراون کە لە ئەلەمنیۆم دروست کراون. وەك پۆلیس خۆی دەناسێنێ و فرۆکەکە شیتاڵ شیتاڵدەکات، تابووتەکان دەکاتەوەو سەیری ناو کیسەی مردووەکانیش دەکات. کەچی هیچ نادۆزێتەوە. هەرچەندە دڵنیایە ئەم فرۆکەیە ماددەیەکی زۆری هۆشبەری تێدایە. ئەم کارە سەر نەکەوتووە، وادەکا (کرۆو) سەرزەنشت بکرێ لەلایەن لێپرسراوەکەیەوە. پۆلیس ئەم ناوە چۆڵ ناکات، چونکە لە زانیارییەکانی خۆی دڵنیایە. لەدوورەوە چاودێری جموجۆڵی سەرنشینەکان دەکەن. تا لەژوورەوەو لەناو تابووتەکاندا کە بەشێوەیەکی زۆر ورد لە چێرەوەیاندا شاردراوەتەوە و ژێر هەر تابوتێك پریەتی لەماددەی هۆشبەر. لەرێگەی ئۆتۆمبێلێکی خۆڵەوە بۆ شوێنی تایبەتی خۆی لەبینا گەورەکە دەگوازرێتەوە. لەماوەیەکی کەمدا پۆلیس دەست بەسەر هەموو شتەکاندا دەگرێ و برای گەورەبازرگانەکە دەستگیر دەکات و ئەوانیش دان بەهەموو شتێکدا دەنێن. بەمجۆرە ئەم بازرگانە گەورەیەو ماشێنی کارکردنی دەوەستێنرێ و لەچالاکی دەکەوێ. ئەوکاتەی لەگەڵ خێزانەکەیدا لەکڵێسا دێتە دەرەوە دەبینێ پڕ بە شەقامەکە پۆلیس نیشانەی لێگرتووە. (کرۆو)یش لای ئۆتۆمبێلەکەی ئەو وەستاوە بەرامبەر دەرگای کلێسا. بازرگانی رەش پێست مێژوویەکی درێژ لە زیندان بەسەردەبات، لەو ماوەیەدا دایکی دەچێتەوە کینیاو و ژنەکەیشی دەگەرێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. لەکۆتایی فیلمەکەدا گەورە بازرگان بۆ دواجار بەبێ سامان دەگەرێتەوە بۆ شەقامەکانی نیویۆرك.